# دین بەشێکی تەواوکەری نیزامی سەرمایەو نەنگی بەشەریەتە

# گفتوگۆی بڵاوکراوەی "بێخودایان" لەگەڵ رەحمانی حسین زادە

**(کاژاو جمال) لەژمارە (6)ی تەمموزی 2004 ی مانگنامەی فارسی زمانی"بێخودایان"ەوە**
**وەریگێراوەتە سەر زمانی کوردی**

**"بێخودایان":** ئیوە وتوتانە و نوسیوتانە کە "دین نەنگە بو بەشەرییەت" بۆچی؟
**رەحمان حسین زادە:** بەو دەلیلە سادەیە کە دین خورافەیە، ئامرازی تەحقیرکردن و دیلێتی ئینسانە، چونکە ناشرین ترین میراتی سەردەمی بەدەوییەتو جەهالەتی ئینسانە، میراتی دەورانی ناکامی ئینسانە بۆ رۆشنکردنەوەی فەلسەفەی بونی خۆی و سروشت و دنیای دەوروبەری، پینەیەکی ناقۆڵاو ناجۆرە بە کۆمەلگای ئینسانیەوە. ئایا بەردەوام بونی ئەم خورافەیە ئەم ئامرازی حەقارەت و ئەسیرکردنی ئینسانە لە دنیای ئەمرۆدا نەنگ نییە بۆ بەشەریەت؟ بۆ بەشەریەتیك کە بە پیچەوانەی ئینسانە سەرەتاییەکان، سروشتی کۆنترۆل کردوە و لەبواریکی بەرفراواندا پیشرەوی زانستی و فیکری و تیپەرکردنی ئالوگۆری قولی کۆمەلایەتی لە پشت سەرەوەیە، ئایا مەیدانداربونی دین نەنگ نییە؟ رۆشن تر بلیم بەردەوام بونی خورافەی دین نەنگیە بۆ ئەو چوارچیوە چینایەتی و کۆمەلایەتیەی کە بەشەریەت پال پیوە دەنیت بۆ پاریزگاری کردن لەو زنجیری کویلایەتیەو زیندانی بوون و خۆئازاردان و ئازاردانی ئینسان. یەك خال کە پیویستە سەرنج بدریت، ئەوەیە کە لە سەدەی بیست و یەکەمدا ئیستاش بەداخەوە دین لە چوار گۆشەی جیهان لەسەر هۆش‌و فیکرو ژیانی و رەفتاری کۆمەلێکی بێشومار لە ئینسانەکان قورسایی دادەنیت. ئەم مەیدانداربوونەی دین لە خورافیتربوونی ئینسانەکانەوە نییە، لە ناکامی و ناتوانایی ئینسان لە رۆشنکردنەوەو کۆنترۆل کردنی سروشتەوە نییە، لە بێتوانایی پیشکەوتنە زانستیەکانەوە نییە لەبەرانبەر دیندا، لە "پیشکەوتن خواز" بونی دین و سازگاربوونی نیە لەگەڵ دنیای مۆدیرنی ئەمرۆدا، لە دۆزینەوەی دوبارەی "قورئان و تەورات و ئەنجیل و کتیبی بوزا" و " ئایەتە ئالتونیەکانیەوە" نییە، بەلکو ریك و رەوان لە پیداویستیەکانی کۆمەلگای چینایەتی ئەمرۆو لە پیداویستی سەرمایەو سەرمایەداریەوە سەرچاوە دەگریت.
پاساودانی بنەماکانی نیزامی سەرمایەداری، قازانج، چەوساندنەوەی ئینسان بەدەستی ئینسان، تەحقیرو نایەکسانی، ئەزەلی و ئەبەدی نیشاندانی وەزعیەتی ئیستا، جاڕدانی بێدەسەڵاتی‌و بێتوانایی ئینسان لە ئاست پێکهێنانی ئاڵوگۆڕدا، جاڕدانی کۆیلایەتی فیکری، کۆمەلایەتی، خۆئازاردان و ئازاردانی هاو"نەوع" و دوژمنایەتی و دوبەرەکایەتی‌و لەخۆبیگانەبونی ئینسان لەکۆمەلگای ئینسانیدا..
هەموو ئەمانە پێویستی بە خورافەیەك هەیە بەناوی دینەوە، لە دنیای ئەمرۆدا بەرهەم هینانی دین و دوبارە بەرهەم هینانەوەی دین و بلاوبونەوەی قەرزارباری قازانجی سەرمایەو بەرەئەنجامی بەرگریی و کارو کردەوەی دەولەتانی سەرمایەداریە. بە پیچەوانەی دەوەرانی پیش سەرمایەداری، ئەمرۆ دین بەشیکی تەواوکەری نەزمی سەرمایەیە،خەبات لەدژی دین بەشیکی جیانەکراوەیە لە خەبات دژی سەرمایەداری لە دنیای ئەمرۆدا.
بۆکوتایی هێنان بەم نەنگایەتیە، دەبیت کۆمەلگا لە دین پاك بکریتەوە، تا ئیرادەی ئینسان بۆ ئازادی زیندوو بکریتەوە. کۆمەلگا دەبیت لە دین پاك بکریتەوە، تا گرنگترین ئامرازی تەحقیرو پاساودانی سەرکوت لە دەستی نیزامی سەرمایەداری و دەولەتە سەرمایەداریەکان دەربکرێت. دین دەبیت گسکی لی بدریت، تا ئازادی و سەربەخۆیی فکری، جەستەیی وئیختیار بۆ تاك و ئینسان بگەریتەوە. تا ئەم نەنگیە لە دامینی کۆمەلگا بسڕدرێتەوە.

**"بی خودایان":** پاك کردنەوەی تەواوەتی دین لە ژیانی کۆمەلایەتی خەلك چۆن جیبەجی دەبیت؟ ئایا بە رۆشنکردنەوە و تەبلیغات دەتوانریت بەسرینەوەی دین و باوەرە خواپەرستیەکان بگەین؟
رەحمان حسین زادە : بە بروای من زۆر کار هەیە دبیت بکریت، پاك کردنەوەی تەواوەتی دین لە ناو کۆمەلگادا هەلسورانێکی ریکخراوو بەرفراوانی پیویستە. بە بروای من دەبیت بزوتنەوەیەکی بەرفراوانی سیاسی و کۆمەلایەتی و پراکتیکی بەگەرربخریت. هەلبەتە رۆشنکردنەوەو تەبلیغات و رەخنەی رۆشنی دژ بە دین دژ بە خورافیات جیگایەکی گرنگی هەیە لەو هەلسورانە ریکخراوەدا. بەلام دەزانم کە ئەمە کافی نییە. تەجروبەی میژوویی و تەجروبەی عەمەلی ئەمە بە ئیمە دەلیت. سەرباری ئەوانە بزوتنەوەیەك کە باسی دەکەم دەبێ ئاڵوگۆڕبەخش بێت، پەیوەندیە چینایەتی و سیاسی وکۆمەلایەتییەکانی زاڵ ئالوگۆر پێبکات. دەست بۆ ریشە ببات، نیزامی مەوجود، نیزامی سەرمایە و رژیمەکانی پاریزەری ئەم نیزامە لەنیویشیاندا پاریزەرو بەرهەم هینەرەوەی دینیش بهینیتە خوارەوە. لە دنیای ئەمرۆدا بۆ ریکخستنی شۆرشی دژی سەرمایە و دژی دین دەبیت هیز کۆ بکریتەوەو یەگرتووو ریکخراوبکرین. بەبروای من لەسەردەمی ئیمەدا بزوتنەوەو حزبی کۆمۆنیزمی کریکاریی دەتوانیت ئالاهەلگری بزوتنەوەیەکی وا گەورەو قول و بەرفراوان بێت بۆ ئازادی ئینسان، لە نیویشیاندا ئازادی لە خورافەی دینی، کاریك کە هەر ئیستا حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی لە ئیران خەریکە ئەنجامی ئەدات. بە دریژایی میژووش هەربەم شیوەیە بووە. دژە دینیەکی هەمەلایەنە و میژویی، رینیسانسیك کە

رویدا، بەرهەمی کاری شورشی گەورەی فەرەنسا بوو، دژە دینی دواتر، بەکاریگەری نیونەتەوەیی کاری شورشی بەلشەویکی ئۆکتۆبەر بوو، وە بە بروای من ئەم رووداوە بەرەو ئەوە دەروات لە ئیران دوبارە ببیتەوە، حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئەگەر جمهوری ئیسلامی بروخینیت و دەسەلات بگریتە دەست و دەولەتی کریکاری رابگەینیت، یەك دەستور کاری گرنگی کۆمەلگاو حزبیش دژایەتی کردنی بەرفراوان و هەمەلایەنەیەی دین دەبیت لە هەموو بوارەکانی کۆمەلگادا. لەو بروایەدام کە ئەم کارە کاریگەری قوول و بەرفراوانی دەبیت نە تەنها لە ئیراندا بەلکو لە ناوچەکەو جیهانیشدا. وەشاندنی گەورەترین گورز لە ئیسلامی سیاسی هەر لیرەوە ممکنە.

**"بی خودایان":** ئەگەر تۆ هەلسوراوێکی مەیدانی دژایەتی کردنی دین و خەبات لە پیناوی پاك کردنەوەی ژیانی خەلك بوویتایە لە خورافەو دین، چ ئەلگۆیەکی هەلسورانت لەبەردەم خۆتدا دادەنا؟ چ جۆرە کاریکت دەکرد؟
**رەحمان حسین زادە:** من هەلسوراویکی کۆمۆنیستی کریکاریم وە هەر ئیستا لە مەیدانی دژایەتی کردنی دین هەلدەسوریم. لەو باوەرەدام بەشیك لە پەیکەرەی هەلسوراوی بزوتنەوەو حزبیکم کە دژایەتی کردنی دین بەشیکی گرنگ لە کارەکەیەتی. درك بەوە دەکەم کە مەبەستی ئیوە هەلسورانی تخصوصی ترە لەم مەیدانەدا، هەلسورانیکی بە چیژ کە بلاوکراوەی(بی خودایان) و خۆشتان و کەسانی وەك ئیوە دەرگیرن لەگەلیدا. بەبروای من کۆمەلە کاریك کە حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی لە مەیدانی خەباتی دژ بە دین دەرگیریەتی. ئەلگۆی منیشە. بەبروای من پیویستە رەخنەی رۆشنو قوول و مارکسیستی دژە دینی بو نیو کۆمەلگا ببریت، هەروەها تەرکیزی دیاریکراو لەسەر ئیسلامی سیاسی بکریت و گرنگ ترین هیز کۆبکریتەوەو ریکبخریت، بۆ کیشمە کیشمی دەسەلات کە لەگەل دەولەتی دینی و ئیسلامی سیاسی لە ئیران روبەروی بوینەتەوە، بەشیوەیەکی وا خۆمان بە هیز بکەین کە کۆتایی بە دەسەلاتیان بهینین، سەرنگون کردنی جمهوری ئیسلامی، روخاندنی حکومەتیکی سەرکوتگەر لەنیوان حکومەتە سەرکوتگەرەکانی تری وەك مصرو سوریاو رژیمی بەعس و سوهارتو لە ئەندنوسیا نییە، بەلکو لە هەمانکاتدا هینانە خوارەوەی ئیسلامی سیاسی و جەهالەتی دینیە. رینیسانسیکی ترە بە کاریگەریدانانیکی نیونەتەوەیی زۆر بەرفروان تر. بەو هۆیەوە کە ئەمە گورزیکی قورس دەبیت لە یەکیك لە بەرە تیرۆریستیەکانی جیهانیش . ناچمە سەر بەشە عەمەلی و وردەکاریەکانەوە، خۆتان دەستی بالاتان هەیەو خاوەنی ئەزمونن.

**"بی خودایان":** خودی خۆتان چۆن ئیسلام و خوا پەرستیتان واز لی هینا؟
**رەحمانی حسین زادە:** لە وەلامی ئەم پرسیارەدا پرۆسەی نا دینی بونی خۆم کە بەسەریدا دەچمەوە، هەست دەکەم داستانیکی سەرنج راکیشی هەیە کە فرسەتی ئەوە نییە هەمووی باس بکەم، وازهینانی من لە دین دەتوانم بلیم هەم سادە بوو هەم ئالۆز. سادە بوو بەو مانایەی کە تەقریبەن هیچ خویندنەوە و پشکنین و لیکۆلینەوە و کاری فکری و سیاسیەکی لەمن نەویست. زۆر جار لە سەردەمی گەنجیتی و پیش گەنجیتیدا خیزان وئەو دەوروبەرەی کەتیایدا ژیان بەسەر دەبەی، مەسەلەی دین و مناسك دینیت بۆ مەترەح دەکەن. خۆشبەختانە خیزانەکەم وە بەتایبەتی باوکم لەو کاتانەدا دینیەکی ووشك نەبوو، لە ژیر فشاری فەزای دینیدا نەبووم، بەشیوەیەکی خود بەخود هیچ نزیکایەتیەکی تایبەتم بە دین نەبوو. لەگەل هاو تەمەنەکانمدا چەند جاریك بۆ لای مەلا رۆیشتم، تا نویژو هەندی خورەوشتی دینی فیر ببم، هەرچەندە لە مەیدانی خویندندا ئامادەیی و تواناییەکی باشی خویندنم هەبوو، کەچی سەرەرای ئەمەش هەچ کاریکم کرد نەمتوانی نویژو ئەو"ئایەتانە"، بە تایبەتی ئەو کردەوە"اکروپاتیانەی" هەستان و دانیشتن و چەند رکعەت هیچ کات نەمتوانی جیبەجێی بکەم. لە ئەنجامدا دەستیان لیم شت و نویژم نەکرد. دین جیگاو ریگایەکی جدی لە کردارو رەفتارمدا پەیدا نەکرد. تائیرە کار سادە بوو، بەلام هیشتا بەتەواوەتی نا دینی و دژە دین نەبووم. لەو کاتەوەی کە پرسیاری تازەتر سەبارەت بە بونی خوا و پیغەمبەر و جەهەنەم و بەهەشت و بنەماکانی دین بۆم دروست بوو، ئالۆز بونی کاریش دەستی پیکرد، پیم وابی لە تەمەنی 12-13 سالیدا کاتیك کە سالی یەکەمی ناوەندیم دەخویند، دودلی و پرسیاری جدیم لا دروست بوو سەبارەت بە بەبنەمای دین و بوونی خوا و ئەوەی لە حەوت تەبەقەی ئاسمان دانیشتبیت. لە دووڕێیانی مانەوە لە رابردوو و بوون بەبی خوداو نادینی بوندا خۆم بینیەوە، ماتریال و نوسراوی دژ بە دینم لەبەر دەستدا نەبوو. پیویستم بە رۆشنگەری و هوشیاری بوو، پیویسنم بە کەسیك بوو ریگای دینی نەبوونم بۆ ئاسان بکات، بەلام دەستم پیرانەگەیشت. لە ئەنجامدا دەوریەك لە بیرکردنەوە و وردبونەوەو لیکدانەوەی فەردی و قبول کردنی فشاری چەند مانگیم تیپەراند. هەرچەند مەسەلەکەم زیاتر شیدەکردەوە، بیگانەبونی دینم بەمەنتقی ژیانی ئەو دەورەیە بەتایبەتی گەنجیتی هەست پیدەکرد. دەستم کرد بە کفر کردن و سەیرم کرد هیچ روینەدا. رزگار بونی من لە دین دەستی پیکرد. ئیتر خۆمم بە نا دینی و دژ بە خودا و ئیسلام دەزانی. بە دەستپیکردنی هەلسورانی سیاسیم و دەستراگەیشتنم بە ماتریالی زانستی و نادینی و مارکسیستی قوول بونەوەی زیاتر لە مندا رویدا.

**"بی خودایان"**: کۆمەلگای کوردستان لای زۆریك لە ئازادی خوازان وەك کۆمەلگایەك چاوی لێدەکرێت کە کەمتر لە ژیر نفوزی قەید وبەندی دینیدایە. ئەم بۆچونە چەندە لە واقعەتەوە نزیکە؟ بۆچی؟
**رەحمان حسین زادە:** بە بۆچونی من زۆر لە راستیەوە نزیکە. کۆمەلگای کوردستان بەشیکە لە کۆمەلگای ئیران، کەزۆر جار سەبارەت بەوەی کۆمەلگای ئیران ئیسلامی نییە، قسەو باس کراوەو نوسراوەی پرپایەخی لەسەر نوسراوە، پیم وایە بلاوکراوەکەی ئیوەش لەم بارەیەوە دەوری گیراوە. سەرباری ئەوانە چەند فاکتوری تریش لەم زەمینەیەدا بە فەزای نادینی و کوردستان کۆمەکی کردوە. سونەتی نارەزایەتی لەبەرانبەر دەولەتی مەرکەزی لە کۆمەلگای کوردستاندا بەهیزە. دین و ئیسلام لە کۆمەلگای کوردستاندا نە تەنیا هیچ کاتیك سونەتیکی نارەزایەتی بەهیز نەبووە، بەلکو دار دەستی دەولەتی مەرکەزی و کۆنەپەرستی بووە. وەئەمە هەم لە دەورەی رژیمی پاشایەتی وە بەتایبەت لە جمهوری ئیسلامیدا بینیومانە. مەزهەبی مەوجود لە کۆمەلگای کوردستاندا سونیە کە بە پیچەوانەی مەزهەبی شیعەوە، ئیدعاو دەخالەتی لە سیاسەتدا نەبووە. وە لەوانەش گرنگتر لە دەورانی شورشی 57 وە تائیستا رەوتی

چەپ و کۆمۆنیستی بەهیزو کۆمەلایەتی سەریهەلداوە ویەکیك لەمەیدانە گرنگەکانیشی روبەروبونەوە  لەگەل دین و خورافاتی دینی بووە. کۆی ئەمانە قەید و بەندی دینی خستۆتە کەنارەوە.